

## کۆڕی بەڕێز / قادر قاچاخ

## " کزبوونی گیانی ئەفراندن لە شیعرو گۆرانی کوردیدا و ئەزموونی شاعیر "

سەرەتا بەڕێزیان سوپاسی بنکەی کاوەی رۆشنبیریی کوردی کرد بۆ رەخساندنی ئەم دەرفەتە وسازدانی ئەم کۆڕە ، هەروەها خۆسحاڵی خۆی بۆ ئامادەبوونی برایانی رۆشنبیرو ئەدیب و ئەدەب دۆستان دەربڕی ، هەرلێرەوە وەك بەراییەك تیشکی خستە سەر قۆناغ و لۆمۆنەکانی مرۆڤایەتی کە بەچەندین قۆناغ و سەردەمدا گوزەری کردووە و ئەمەیش هەروا بەسانایی بەدەست نەهاتووە ، لەم روانگەوە مرۆڤایەتی فرمێسك و رووباری خوێنی بۆ رشتووە تابە دەست هاتووە ، ئەمەیش هەموو لایەنەکانی وەکو سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، رۆشنبیری .... تاد گرتۆتەوە ، بواری سیاسی لە هەموو لایەنەکانی دیکە خوێنی بۆ ڕژاوە ، تاوەکو هەر یەکێك لەنەتەوەو گەلانی سەر ئەم گۆی زەمینە بەگیانی ئازادی و سەربەستی ئەم قۆناغە گە یشتوون ، ئێمە نامانەوێ ئەم لایەنە بکەینە کرۆکی باسەکەمان بەشکو دەمانەوێ بۆ ساتێك لە سیاسەت دوور بکەوینەوە و بەنێو دنیای ئەدەب بە گشتی و شیعرو ئەفراندن بەتایبەتی بدوێین .

ئەفراندن ، زاناو بلیمەت و فەیلەسوفی گەورەی پێگەیاندووە لە سەردەمی گریکەکاندا وەك سوکرات و ئەرستۆ و چەندینی دیکە ئەفلاتون شاعیرانی وەکو پۆشین شکسپیرو نیرۆدا بوونە خاوەن رێچکە و قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان لەناو ئێمەی کوردیش دا زۆر هۆزانڤانان و هونەرمەندان بوونی خۆیان سەلماندووە و ئەمرۆش لەگەڵدا بێت چێژو بەهێزی زانراوەکانیان لەدەست نەداوە ، لەوانە هۆزانەکانی ، ئەحمەدی خانی ، مەلای جزیری ، نالی ، مەولەوی ، ئەحمەد نالبەند ، مەحوی ، پیرەمێرد ، بێکەس ، گۆران ، هەژار هێدی . چەند بەیتێك لە هۆزانێکی مام هێدی خوێندەو .

هەروەها وەکو نموونە چەند پارچە شیعرێکدا لە هی عبد الله پەشێو و محسن قۆچان و مؤید طیب و چەندێکی تر خوێندەوە کە هونەری تیا بەدی ئەکرا .

شتێکی دیکە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە ، کەزمانی کوردی تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە وپێشتریش هەبووە وبوونی خۆی دووپاتکردۆتەوە زۆر لە گەلانی دیکە لە زمانی ئێمە کەڵکیان وەرگرتووە و بەکار هێنانی بۆی کورد بەنامۆ دەزانرێ کە ئەمە لە ئەسلا لە زمانی کوردییەوە بۆ ئەو زمانە بێگانەیە وەرگیراوە ، ئیدی بۆچی دەبێ لەلای کورد نامۆ بێن ، نەك تەنها ئەوەندە بەڵکو ئاواز و مۆسیقای کوردیش کراوە بەکەلتوورو کەلە پووری بێگانە ، کە ئەمرۆ لەبەر چاوی خۆیان دەبینین چۆن ئیبراهیم تاتلیسس ئاوازی کوردی لە گۆرانی تورکی ئاخنیوە . ئەمەیش کارێکی وا دەکات کورد

لەم رووەوە دەست بەتاڵ دەرچن . هەرچەندە ئێمە ئەو فیدراڵیەتەشمان لە رووی یاساییەوە جێگیر نییە کەچی ئەو نەتەوانەی خاوەن کیان و ئاڵان هەوڵی سرینەوەی توراسمان دەدەن .

ئەدیب یان هۆزانڤان ئەو کەساتییە لاسایی بکاتەوە یان موڵکی خەڵکی بەکەمێك دەسکارییەوە بوموڵکی خۆبزانێ و چاوبەستن لە کۆمەڵە کەسێك بکات . یان کۆڵکە خوێنەوار فریوبدات .

هەروەها کەسێك چەند هۆزانێکی نووسی بێت مەرج نییە شاعیر بێت ، وناشبێت ئەم مۆرکەی پێوە بلکێنین ، لە ئەدەبدا گەرەکە کەم و پوخت هەبێت ، نەك قسە ریزکردن پێکەوە لکان بێت ، وەك لەم رۆژانە لەیەکێك لەرادیۆکانی ناوخۆیی خۆمان شیعرێکی خوێندەوە دەیگوت : -

خوزگە ببام بەبای شەماڵ گەیشتبامە یاری جەمال

من تو دڤێ ی وەکی خەجێ هەروەکی توهاتی ژ مەبێ .

وەزارەتی رۆشنبیری پێویستە بوونی خۆی زیندوو بکاتەوە ، شیعر هونەری تێدا بێت ، بەراستی گیانی ئەفراندن کز و لاواز بووە ، دەبێ روحی بەبەردا بکرێتەوە ، ئەگەر دیقەت بدەین شیعری دوێنێ بەهێزتر بووە لە شیعری ئەمڕۆ .

لەپاش نسکۆی 1975 تا پێش راپەڕین ئەو روحی ئەفراندنە بەهێز بووە ، لەپاش سەرهەڵدان ، کۆڵکە شیعر نووس پەیدابون و بەسەر حزبەکاندا دابەش بوون .

ئێمە خاوەن فولکلور و کەلوپەرێکی دەوڵەمەندین بەداخەوە هەزیلمان کردووە ، بۆیە جارێکی دیکە پێشنیازەکەم سەبارەت بەدەزگای هەڵسەنگاندن لە وەزارەتی رۆشنبیری دووپات دەکەمەوە .

شتێکی دیکە ئەوەیە ، کە گەلانی دنیا رێز لە شاعیرانی خۆیان دەنێن ئەمەیش باوە ، بەتایبەتی لە ئێران چەندین دەسەلات گۆڕاوە و ناوی شەقام و تەنانەت شاریش وەکو خۆی ماوەتەوە بەناویشاعیران.

لەپاش 1975 ئێمە هیچ جۆرە چەکێکمان لەسەنگەردا نەما ، تەنها قەڵەمی ئەدیبان نەبێت ، کە هەر ئەدیبێك بۆ خۆی پێشمەرگەیەك بەە ، پارچە شیعرو ئاواز و گۆرانییەك نارنجۆك بوو بەرووی دوژمناندا دەتەقییەوە ، ئەوانە جێگای ستایش و دەست خۆشانەن ، کە چێژو لەزەتێکیان دەبەخشیو زمانەکەشیان بە زیندوویی هێشتەوە ، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەو سەردەمەدا گیانی ئەفراندنی بەهێزکردووە ، تیپی مۆسیقای ، سلێمانی و ، هەولێرو دهۆك ، سلێمانی بەسەر پەرشتی ئەنوەر قەرەداغی و دهۆك بە سەرپەرشتی کاك دڵشاد لە هەولێریش کاك وریا رۆلی بەرچاوو رنگیان بینی . لەبەرز راگرتنی ئەدەب و هونەری کوردی .

زۆر خوێندنەوە باوی نەماوە ، بەداخەوە ئەم حاڵە تەکزبووە ، پێم وایە ئەگەر خوێندنەوە نەبێ گیانی ئەفراندنیش لاواز دەبێت ، یان هەر نابێت ، بۆیە گەڕاندنەوە بۆ خوێندنەوە لە ئەو لەویاتە ژیلەمۆیەکی گڕو تەوژمە .

دۆستایەتی و نزیك بوونەوەی یەکدی ، ماکێکی یان نەخۆشییەکە لەناو ئێمەدا پانتاییەکی بەرفراوانی گرتووە ، زۆر لەژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان لە ئاستی خواستدانین و کەچی تەنها لەبەر خاتری خاتران دەست خۆشانەو ئافەرین دەبارێنین ، بێ ئەوەی بزانین ماڵ و ێرانییە کەروو لەم لایەنەمان دەکات ، ئەمەیش دیسان پێویستی بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی خۆی هەیە لەسر هیچ دۆستایەتی و نزیك بوونەوەیەك ، دێرە شیعرێکییش بلاّونەکردۆتەوە . بوونی هونەرو رەمز لە شیعردا زەرووڕە ، بۆ

خۆشم ، له پرۆسەیەکی تاقیکردنەوەی ئەنفال دا ، کە دوژمن بەر لەدەست پێکی ئەنفال لە دەڤەری "بادینان " ئەنجامدا ، کەشەش حەوت کەس بوون یەکێك لەوانە کوڕە شوانێك بوو ، دەنکە بەڕوویەکی لە گیرفاندا بوو ، کاتێك لەو بیابانەی باشوور بەدەم کێلی شۆڤڵەکانەوە دەنێژرێن داربەروو شین دەبێ ، منیش بەم جۆرەم لەقاڵبی شیعردا ئاخنیوە :

دارەك خورمێ

ژ حێبەتیا

ماخرش بێ بەر

دەمێ دیتی

بخافلە تیڤە

دار بەروویەك

ژناڤا رەهێت وی

هاتیە دەر

بەرویێ گوتی :

نە من دگەل تەو

نە تە دگەل من

نینە شەڕ

لجهێ خۆ هەر

سەنگینە بەر

بەلێ بزانە

بۆ شڤان کارکەك

وارێ من

گورستانە

جهێ تو لێدکی

سیبەر

دەمێ ب ساخی

شەفەلێ ئاخ

رادایە سەر

ئەز ژی دناڤ

بەرو یکاوی دا

یان سیندبم

بۆ دیروکێ

دێبم بینەر

بەر لەكۆتایی ئەم لایەنە دەمەوێ بڵێم با دەرگاکانی گۆڤارو رۆژنامەکان لەبەردەم رەخنە والآ بێت و هـەموو دەقـە شـیعرییەکان لەئاسـت قەڵـەمی رەخنـەگران شـیتاڵ بکـرێ ، نـەك رەخنـەگر رۆڵـی شـیکردنەوەی شـیعر وەربگـرێ ، بـەڵکو دەبـێ لایەنـە سـلبیەکان بخاتـە روو تـاوەکو شـاعیر بـەخۆی و نووسینەکلنی ئایندەیدا بچێتەوە .

<u>ئەزموونی شیعریم</u> : -

سەرەتا دەڵێم من شاعیرنیم ، تاوەکو لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن بریارنەدا حەزم لە شیعربووە ، هەر لە منداڵییوە باوکم شیعری کلاسیکی نووسیوە وباوکم ئەوتوانایەی لا دروست کـردم شیعر لەبەربکـەم بـەکوردی خوێندومـە بـەهۆی پەیوەنـدیم بەرێکخسـتن و شـاخەوە نـەمتوانیوە تـەواوی بکـەم ، بـەڵام پەیوەندیم بە قوتابخانەی پارتی و شۆرشی گولانەوە کردووە ، لەسەرەتای هەشتاکانەوە چەند کۆمەڵە شیعرم نووسیوە من گوێ لـە نـاوو شـورەت نـاگرم دەمـەوێ بـزانم شـاعیر چـی گوتـووە ، قـەت لاسـاییم نەکردووە ، تەنانەت نازناویشم لاسایی کردنەوە نەبووە ، چۆنم و چۆن بووم لە شـیعر نووسـندا ئـەوە خوێنەر بۆ خۆی دەتـوانێ حـوکم بـدات بەسـەر ئـەو شـیعرانەی لـەو کۆمەڵـە شـیعرانەی نووسـیومن ، بەهەر دوو شێوە زاری کرمانجی سەروو و خواروو شیعر دەنووسـم ، چوار کۆمەڵـە شـیعرم نووسـیوە ، سیان لە شاخ و ئەوی تر لێرە ، پێنجەمیش لەبر دەستە هـەر برایـەك رەخنـەی هـەبێ خۆشـحاڵ دەبم بنوسێ . وسوپاستان دەکەم .

لەدوماهی ئەم بابەتەش ، بەیادی مانگی ئەیلول پارچـە شـیعرێکی لـە سـەر شـەهیدی شۆرشـی مـەزنی ئەیلول ، شەهیدێکی ناسراو و لێهاتوو و ئاشووری " هورمز ملك چکۆ " خوێندەوە ، کەلە ژمارە (52) ی گۆڤارەکەمان بلاوکراوەتەوە بۆیە بلاومان نەکردەوە .

ئینجا دەرگای وتووێژ بۆ ئامادەبووان کرایەوە و ئەم برایانە هەر یەکە بەسەرنج و تێبینی و پرسیاری خۆیان کۆرەکەیان گەرم تر کرد کە ئەم بەرێزانە بوون : -

- عبدالغنی علی یحیی
- د . بدرخان سندی
- محمد بدر الدین بدری
- نظام الدین گلی
- عبدالخالق سەرسام
- ئیسماعیل گەیلانی
- حسین اسماعیل خان
- بارزان مەلا خالید

لە کۆتاییشدا لەلایەن بەرێز قادر قاچاخ وەڵامی ئـەو بـرا بەرێزانـە درایـەوە و بەخوێندنـەوەی کۆپلـە شیعرێك لەلایەن بەرێز قادر قاچاخەوە لەسەر شەهیدی نەمر " سمکۆ ئامێدی " کۆتـایی بـە کۆرەکـە هات ئەمەش هەرچوار بەرهەمانی شاعیرە :

1- بزاڤ 1984

2- چاوەروانی 1985
3- بەرخودان 1989
4- بزاڤ و ئامانج 2000

بەروار : 19 / 9 / 2002